# گڕی فێنك

عەباس ساڵح عەبدوڵڵا

حەزم نەکرد
ئەو دڵە خنجیلە ناسکەت بڕەنجێنم
بەدوو وشە خەندەی لێوت بڕەوێنم
هەر ئاوا زوو ئەئاسانی
مەلی شادیت بتەرێنم
*
جا، چیم لێ دەکەیت گیانەکەم
شیرازەی هەستم شێواوە
ڕۆژگاری شێتی ماندوو
وای لێ کردووم
ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بچمە دواوە
تۆ دڵت چەندە ناسك بێت
من ناسکتر
تۆ دڵت چەندە ئاواتی زۆر تیابێ
هی من پڕتر
چەند وشی جوان
لە هۆشتا بێت
هی من زیاتر
بەڵام چی دەڵێی جوانە خان
هەندە جارێ وشەکانم
دەبنە ئاگر
نەك دڵی تۆ
تالەدونیا بەر ئەدەن گڕ
*